# هەواڵەكانی كوردستان

## بە هۆی هەژاری لە مەریوان لاوێك ئاگری لە خۆی بەردا

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە شاری مەریوان، هێرش شێخ لئیسلامی كوڕی میرزا عەلی لە گەڕەكی مەردوخی شاری مەریوان كە خاون خێزان بوو بە هۆی هەژاری و دەست كورتی ئاگری لە خۆی بەردا و لە نەخۆشخانەی شاری مەریوان گیانی دا.

شایانی باسە دیاردەی خۆكوژی لە كوردستانی ئێران بەتایبەت لە ناو لاواندا بووە بە باو كە هۆی سەرەكی ئەو خۆكوژیانە دەگەڕێتەوە بۆ خراپی باری ئابووری و كێشەی خێزانی.

***

## داخرانی كارخانەی تەراكتۆرسازی كوردستان

بە پێی هەواڵ، بەڕێوبەری كارخانی تەراكتۆرسازی كوردستان رایگەیاند كە ئەو كارخانە لە داهاتوویێكی نزیكدا دادەخرێ. و بە داخرانی ئەو كارخانەیە هەر ٢٠٠ كرێكارەكەی دەردەكرێن.

ئەو بەرپرسە هۆی داخرانی ئەو كارخانەی گێڕایەوە بۆ نەدانی كۆمەگی دارایی لەلایەن بانكەكانەوە. بەڵام دەگووترێ ناوبراو دەیهەوێ كارخاكە بگوازێتەوە بۆ جێگەیێكی دیكە.

***

## تەئیدی حوكمی ئێعدامی چالاكێكی سیاسی كورد

حوكمی ئێعدامی فەسیح یاسەمینی چالاكی سیاسی كورد كە پێشتر لە دادگای رژیم لە خۆی دەركرابوو، لەلایەن دادگوستەری ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاواوە حوكمەكەی تەئید كرایەوە.

ناوبراو ٢٧ ساڵیەتی و خەڵكی دێی "هەندوانە"ی سەر بە شاری خۆیە پێشتر و لە سەرەتای ساڵی ١٣٨٦دا لەگەڵ پێنج كەس لە هاو دێهاتیەكانی خۆی لەوانە باوكی گیرا بوو، لە لقی یەكی دادگای رژیم لەو شارە بە تۆمەتی ئەندامەتی لە یەكێك لە هێزە كوردستانیەكان، حوكمی ئێعدامی بە سەردا سەپا بوو. ئەو حوكمە لە دوای ناڕەزایەتی ناوبراو لە دادگوستەری ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا پێداچوونەوەی لە سەركرا و هەمان حوكمی پێشوو تەئید كرایەوە.

فەسیح لە كاتێكدا بە تۆمەتی ئەندامەتی بە ئێعدام مەحكوم بووە كە هیچ بەڵگەیێك جوێ لە دیان پێ دانانەكانی ناو زیندان كە بە زۆر و شكەنجە لێی وەرگیراوە لە بەردەست دا نیە.

هەر لەو پێوەندیەدا فەهیم رەزازادە بە ١٥ ساڵ زیندان و حوسێن یاسەمین زادە ٦٦ ساڵ و باوكی فەصیح یاسەمینی دوو ساڵ زیندانیان بە سەردا سەپاوە.

***

## شە پۆلی بەربڵاوی گیرانی هاووەڵاتیانی كورد

چالاكانی مافی مرۆڤ، هێزە ئەمنیەتیەكانی رژیم لە چەند رۆژی رابردوودا لە شاری كامیاران ژمارەیێكی زۆر لە لاوان و هاووەڵاتیانی كوردیان گرتووە.

دوانیوەرۆی رۆژی چوارشەممە ١٦ی گوڵانی ١٣٨٨، لە دێی ئەلكی كامیاران شەش كەس بە ناوەكانی كەیهان، قارەمان، سامان، رێبوار پەرویزی، فەردین وەیسی و ئاكام پیرموغانی گیراون و ماڵەكانیان لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەكانەوە پشكێندراوە.

هەروەها لە دێی "نیلكوی" سێ كەس گیراون كە لە ناو نیشان و شوێنی گیرانەكەیان هیچ زانیاریێك لە دەست دا نیە.

گیراوێكی دیكە بە ناوی خالید غولامی كە بۆ كڕینی دەرمان بۆ دایكی چبووە شاری كامیاران لەلایەن هێزە سەركوتگەرەكانی رژیمەوە گیراوە و دوایی چوونەتە ماڵەكەی بە تەواوی پشكنیویانە و هەروەها بە سراج الدین غولامی برا چكۆلەی ناوبراویان راگەیاندوە كە خۆی بە ئیتلاعاتی كامیاران بناسێنێ. دایكی نەخۆشی خالید رۆژی شەممە مردوە بەڵام دەزگای هێزە ئەمنیەتیەكان بەردەوامن لە فشار هێنان بۆ ئەو خانەوادە كە ئەو مەسەلە خەڵكی ناوچەكەی نارەحەت كردوە.

هاوكات لە دێی پاڵنگان هاووەڵاتییێكی دیكە لەلایەن هێزەكانی رژیمەوە گیراوە كە تا ئێستا هیچ زانیارییێك لە بارەی ناوبراوەوە لە دەستدا نیە.

رۆژی پێنج شەممە ١٧ی بانەمەڕ هێزە سەركوتگەرەكانی رژیم لە دێی شاهینی سەر بە كامیاران سێ كەسیان بە ناوەكانی موسلیم خاتری، زاهید قیادی و ئەنوەر رۆستەمیان گرتووە بۆ شوێنێكی نادیاریان گواستوونەتەوە.

هەروەها ئەمیر بابەكری لەگەڵ خێزانەكەیدا لەو كەسانەن كە لە چەند رۆژی رابردوودا بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی رژیم بانگكراون.

لەلایێكی دیكەوە لە دێی نگڵی مەریوان سێ خوێندكار كە لە زانكۆی ورمێ و سنە دەیان خوێند لەگەڵ ژمارەیێكی دیكە لە خەڵكی ئەو دێیە گیراون.

***

## دوو چالاكی سیاسی لە شاری پاوە گیران

بە پێی هەواڵ، لە بەردەوامی گرتنی چالاكانی سیاسی و كۆمەڵایەتی لە شارە جیاجیاكانی كوردستان، دوو كەس لە چالاكانی شاری پاوە لەلایەن هێزە سەركوتگەرەكانی رژیمی ئێرانەوە گیران.

هێزە سەركوتگەرەكان "سوهەیل سادقی" و " یونس قادری" یان شەوی سێ شەممە ٢٢ی گوڵانی ١٣٨٨ لە شاری پاوە گرت و بۆ شوێنێكی نادیاریان بردوون.

شایانی باسە، هەوڵی خانەوادەی ئەو گیراوانە بۆ بە دەست هێنانی زانیاری سەبارەت بە هەل و مەرجی ناوبراوان بێ ئاكام بووە.

بەرپرسانی ئەمنیەتی رژیم لە وەڵام دانەوە بە خانەوادەی سوهەیل و یونس خۆیان بواردوە.

***

## گیرانی چالاكێكی كرێكاری لە مەریوان

بە پێی هەواڵ، كەسێكی مەریوانی بە ناوی ووریا نەقشبەندی كە یەكێكە لە چالاكانی كرێكاری ئەو شارە لە دوو حەوتوو پێش ئێستاوە لەگەڵ هێرشی هێزە سەركوتگەرەكانی رژیم بۆ سەر ماڵەكەی گیرا و بۆ جێگەیێكی نادیار گوازراوەتەوە.

هێزە سەركوتگەرەكانی ئیتلاعاتی رژیم ماڵی ناوبراویان پشكنیوە كە بۆنەتەوە هۆی تێك و پێكدانی بەشێكی زۆر لە كەل و پەلی ئەو خانەوادە.

خانەوادەی نەقشبەندی لە كاتی گرتنی كوڕەكەیان تا ئێستا چەندین جار سەردانی ئیدارەی ئیتلاعاتی رژیم لەو شارەیان كردوە و داوای روون بوونەوەی هەل و مەرجی كوڕەكەیان كردوە، بەڵام هێزەكانی رژیم خۆیان لە هەر جۆرە وەڵامێك بەو خانەوادە بواردوە و هەڕەشەیان لێ كردوون.

***

## لە شاری سنە دوو كەس ٥ ساڵ زیندانیان بە سەردا سە پا

دوو هاووەڵاتی لە دوای ٦ مانگ چارەنووسی ناڕوون، لەلایەن دادگای رژیمەوە ٥ ساڵ زیندانیان بە سەردا سەپا.

ئیبراهیم رەحمانی و محەممەد ئیبراهیمی كە لە سەرەتای مانگی سەرماوەز لە شاری كامیاران لەلایەن هێزە سەركوتگەرەكانی رژیمەوە گیران و لەلایەن دادگای رژیم لە سنە لە تۆمەتی پێوەندی لەگەڵ هێزە كوردستانیەكان بە پێنج ساڵ زیندان مەحكوم كران.

ناوبراوان لە دوای دوو مانگ زیندان لە ئیتلاعاتی سنە لە ژێر شكەنجە و لێپرسینەوەدا بوون و دوایی بۆ زیندانی ناوەندی نێردران. حوكمی ئەو دوو هاووەڵاتیە لە دوای ٦ مانگ چارە نووسی نادیار لە كۆتایی حەوتووی رابردوودا پێ یان راگەیێندرا.

***

## رۆژنامەیێكی سعودی: ئەمریكا و ئیسرائیل بەم زووانە هێرش دەكەنە سەر رژیمی ئێران

ماڵپەڕی فارسی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل بڵاوی كردەوە، ئەگەری دروست بوونی بەرەیێك بە بەشداری ئیسرائیل و چەند وەڵاتی عەرەبی بە ئامانجی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ بەرنامەی ناوكەیی و دەستێوەردانەكانی رژیمی ئاخوندی، لە ووتووێژەكانی بینامین نتاناهو و حوسنی موبارەك باسی لە سەر كرا. مەلیك عەبدوڵای دووهەم پاشای ئودون لە ووتووێژێكدا گووتی: ئوباما دەیهەوێ بەرنامەیێك سەبارەت بە جێگیر بوونی ئاشتی و هاوكاری لە نێوان ئیسرائیل ٥٧ وەڵاتی عەرەبی بەرێوە ببات.

لە هەمانكاتدا رۆژنامەیێكی عەرەبی نووسی: رژیمی ئێران مووشەكەكانی خۆی بەرەو ئیسرائیل دامەزراندوە، هاوكات ڕاپۆرتێك لە ئیسرائیل بڵاو كرایەوە كە بەو هۆیەوە دوو كارناسی ئیسرائیل بەو ئاكامە گەیشتوون كە ئەگەری ئەوە هەیە رژیمی ئێران مووشەكی شەهابی ٣ وەك كاتیوشا بە كار بێنێ تا بتوانێ هاوكات ژمارەیێكی زۆر بەرەو ئیسرائیل بهاوێ.

لە ڕاپۆرتێكدا كە تا ئێستا لەلایەن هیچ سەرچاوەیێكی دیكەوە تەئكید نەكراوە، رۆژنامەی ئەلوەتەنی عەرەبستانی سعودی لە ژمارەی رۆژی سێ شەممە٢٢ی گوولانی ١٣٨٨ی خۆی نووسی: رژیمی ئێران زانیاری گەلێكی زۆر نهێنی پێ گەیشتووە كە بەو پێ یە، ئیسرائیل و ئەمریكا دەیانەوێ بەم زوانە هێرش بكەنە سەر بنكە ناوكەییەكانی رژیم بۆیە لە بەرانبەردا ژمارەیێكی زۆری لە مووشەكی شەهابی ٣ی خۆی ئامادەی تەقاندن كردوە.

لەو ڕاپۆرتەی ئەلوەتەن دا هاتووە كە رژیمی ئێران لەگەڵ دامەزرانی ژمارەیێكی زۆر مووشەكی شەهابی ٣، ژمارەیێكی زۆریش لە مووشەكەكانی زەوی بە دەریای خۆی لە قەراغەكانی كەنداوی فارس دامەزراندوە، رژیمی ئێران پێی وایە كە هێرشە سەربازیەكە لە رێگەی دەریا و هەواوە بكرێ.

لە ڕاپۆرتێكی دیكەی كە لە ئورشەلیم بڵاو كراوەتەوە، دوو كەس لە كارناسان كە دوو لێكۆڵینەوەیان ئەنجام داوە، بەو ئاكامە گەیشتوون كە رژیمی ئێران ئامانجێكی نوێی لە بەرچاو گرتووە كە بەو پێ یە هاوكات ژمارەیێكی زۆر مووشەكی شەهابی ٣ بەرەو ئیسرائیل بتەقێنێ.

ئەو لێكۆڵەوانە بەو ئاكامە گەیشتوون كە ئەگەر چی ئەو جۆرە هێرشە بەربڵاوانە نابێتە هۆی لە ناوبردنی ئیسرائیل، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە زەرەر و زیانی زۆر بگەیێنێ. ئەو لێكۆڵەرەوانە گووتیان: رژیمی ئێران بۆ دروست كردنی مووشەكە جۆراوجۆرەكان سەرمایەیێكی زۆری تەرخان كردوە و بەرنامەی جەنگی خۆی بە بەكارهێنانی هاوكات ژمارەیێكی زۆری مووشەك دارشتووە.

## سەنای ئەمریكا داوا دەكا سەختگیریەكان دژ بە رژیمی ئێران بەردەوام بێ

كۆمیتەی پێوەندیەكانی دەرەوەی سەنا لە واشینگتۆن، لە دوای لێكدانەوەی بەرنامەی ناوكەیی رژیم، بە دەوڵەتی ئەمریكای راسپارد كە سەختگیریەكان لە بەرامبەر رژیمی ئێراندا هەروا لە وەزارەتی دەرەوە كاری پێ بكرێ.

لە ڕاپۆرتی كۆمیتەی پێوەندیەكانی دەرەوەی سەنادا هاتووە: هێندێ لە لێكۆڵەرەوان لە رێكخراوە ئیتلاعاتیەكانی ئەمریكادا لەو باوەڕەدان كە دەزگای زانیاری ئەمریكا بەرەو پێشچوونی رژیمی ئێران لە دروست كردنی كلاوە ناوكەیی كەمتر لەوەی كە هەیە لێكداوەتەوە.

هەروەها هاتووە: لە هێندێك لەو لێكۆڵینەوانەی كە لە ئیسرائیل بەرێوە چووە، بە راشكاوی رەخنە لە لێكدانەوەی ئەمریكا سەبارەت بە توانای ناوكەیی رژیم گرتووە و بە هەڵەی ناودەبا.

## پارڵمانی ئوروپا داوای لە بەغدا كردوە ئەندامانی سازمانی موجاهیدینی خەلق دەرنەكا

پارڵمانی ئوروپا رۆژی هەینی ٤ی بانەمەڕی ١٣٨٨گووتی: عێراق دەبێ رێز دانی بۆ مافی سازمانی موجاهیدینی خەلقی ئێران، كە ئەندامەكانی لە ئوردوگای ئەشرەف لە نزیك مەرزی ئێران دەژین و نابێ بنێردرێن بۆ وەڵاتێك كە ئەگەری ئەوە هەیە لەوێ شكەنجە و ئازار بدرێن.

پارڵمانی ئوروپا هەروەها داوای لە عێراق، ئەمریكا، رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و سەلیبی سووری جیهانی كرد بۆ ڕوون كردنەوەی هەل و مەرجی قانوونی درێژ ماوەی ئەو سازمانە كار بكەن.

بڕیارنامەی یەكیەتی ئەوروپا، لە دوای چەندین مانگ فشاری رژیمی ئێران و دەست و پێوەندەكانی لە عێراق بۆ سەر دانیشتوانی ئەشرەف، ئاخوندە سەركوتگەر و دژ بە ئازادیی ریسوا كرد. هەروەها جارێكی دیكە ئەو راستیەی دەرخست كە ئەگەر موقاوەمەت، لە سەر بەڵێن مانەوە لە بەرانبەر رژیمی ئاخوندی دا، رەنج و موشكیلاتی بەدواوەیە، بەڵام سەركەوتنێكی وا گەورە هەموو ناخۆشیەكان لە بیردەباتەوە و رەنج و موشكیلات دەبنە هومێد بە داهاتوو و رووخانی حەتمی رژیم.

## چوار رێكخراوی نێونەتەوەیی هەڵسووكەوتی رژیم لەگەڵ چالاكانی كرێكاریان مەحكوم كرد

رۆژی دووشەممە ٧ی بانەمەڕی ١٣٨٨، چوار رێكخراوی نێونەتەوەیی بە دەركردنی ڕاگەیێندراوێك لە سەروبەندی رۆژی جیهانی كرێكار،"یەكی مەی" سەركوتی دامەزراوە كرێكاریەكانی لە رژیمی ئاخوندی دا مەحكوم كردوە.

لە ڕاگەیێندراوی ئەو رێكخراوانەدا هاتووە: چەندین ساڵە هەوڵی كرێكاران بۆ بەرێوەبردنی ناڕەزایەتی گشتی لە یەكی مەی دا بەرەوڕووی هێرشی یەك لە دوای یەك و لێدان و شكەنجە و زیندان بۆتەوە.

كونفدراسیۆنی نێونەتەوەیی یەكیەتی كرێكاران، فدراسیۆنی جیهانی كرێكارانی هەڵگرتن و گواستنەوە، یەكیەتی نێونەتەوەیی كرێكارانی پێشەسازی مەوادی خواردەمەنی، كشت و كاڵ و خزمەتگوزاری و فدراسیۆنی بارهێنانی نێونەتەوەیی گووتوویانە: یەكیەتیەكانی ئازادی كرێكاری لە ئێراندا ناقانوونین... و هەرجۆرە لایەنگرییێكی یەكیەتیەكانی كرێكاری بەرەوڕووی سەركوت دەبێتەوە.

بە پێی ئەو ڕاگەیێندراوە رژیمی ئێران خەریكی ئامادەسازیە بۆ زیاتر سەركوت كردنی یەكیەتیە سەربەخۆكانی كرێكاری، پێش رۆژی جیهانی كرێكارانی ئەم ساڵ یان پێش هەڵبژاردنەكانی سەرۆك كۆماری رژیم.

## شیمون پرێز: رژیمی ئێران رۆژهەڵاتی ناوەراستی تێكداوە

شیمون پرێز سەرۆك كۆماری ئیسرائیل، سەبارەت بە هەڕەشەی رژیمی ئێران بۆ سەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست وورییایی دا.

ناوبراو دووشەممە ١٤ی بانەمەڕ لە كۆمیتەی پێوەندیە گشتیەكانی ئیسرائیل لە ئەمریكا، "ئایپك" لە واشینگتۆن قسەی دەكرد، وورییایی دا ئیسرائیل لە بەرامبەر هەڕەشەی ناوكەیی رژیمی ئێران بێ دەنگ نابێ.

رژیمی ئێران و بەرنامە ناوكەییەكەی و ئابلۆقەكانی ئەمریكا دژ بە ئەوان، لە مەسەلە سەرەكیەكانی كونفرانسی ئەمساڵی "ئایپك"ە.

پرێز لە قسەكانی خۆی سەبارەت بە هەڵسووكەوتی رژیمی ئێران بە پێچەوانەی ڕابردووی ئێرانی ناوبرد و گووتی: بە پێی مێژوو ئێران بۆ دەوڵەمەند كردنی فەرهەنگی مرۆڤایەتی هەوڵی داوە. بەڵام ئەمرۆ رژیمی ئێران دەیهەوێ ئورانیۆم بپاڵێوێ، بۆچی؟ جوێ پاڵاوتەكردنی ئورانیۆم، داهاتێكی زۆر لە مووشەكی دوور هاوێژدا خەرج دەكا.

***